# ڕێنووسی لاتینی

# کوردیو چەند سەرنجێك!

شوان نەوشیروان فوئاد مەستی

لەڕوانگەی بەرگی یەکەمی (کتێبو نامیلکە) کەی د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف ئەم زانیاریانەی لای خوارەوە دەستنیشان دەکەین سەبارەت بەڕێنوسێکی لاتینی کوردی یەکگرتوو:

**یەکەم:**

سەرەتا پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل بەفۆنێمەکانی ئەنجام بدەین بۆ هەر یەکێکیش لەو فۆنێمانە نیگاری تایبەت بکێشین دواتر پێویستە بەراوردێك، لەڕووی بوونو نەبوونو دوریو نزیکی لەنێوان پیتەکانی ئەنجام بدەینو دەستنیشانی کارو ڕۆڵی هەریەك لەو پیتو فۆنێمانە بکەین..

**دووهەم:**

زانستی زمان ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە دەنگی بزوێن پێویستە لەبڕگەدا هەبێت.. هەر لەبەر ئەمەشە ژمارەی بڕگەکانی هەر ووشەیەك پێویستە هێندەی ژمارەی بزوێنەکانی ئەو ووشەیە بێت..

بەم پێیە بڕگە (المقطع=Syllable) بریتییە لەبچوکترین یەکەی سروشتی دەنگداری ئاخاوتن کە دەکرێت بەشێوەی جەبر بەدوو جۆر نیشان بدرێت: CVC,CV

C=کۆنسۆنانت. V=بزوێن.

**سێهەم:**

وەك دەرکەوتووە، باشترین نموونەی شێوەی نووسینی بڕگەیی نووسینی هیندی کۆنە کە تیایدا هەر نیگارێك وەك ڕژێم بەنیشانەی کۆنسونانتو بزوێن (1)دا دەردەکەوێت وەك بڕگەی: دا، ڕا، شا، زا..هتد.

**چوارەم:**

تورکەکان هەر لەساڵی 1929وە گەیشتوونەتە ئەو دوا ڕایەی کە ئەلفو بێی لاتینی بەکاربهێنین.. وە لەیەکێتی سوڤێتی جاران، ئەو میللەتانەی کە ڕێنووسی عەرەبیان بەکاردەهێنا وەك میللەتانی ناوچەی قەوقاس کەوتنە بەکارهێنانی ڕێنووسی لاتینی..

**پێنجەم:**

باشترین‌و گونجاوترین ئەو ئەلف‌و بێیەی کە لەسەر بناغەی فونەتیک دامەزرابێت ئەوەیە کە ژمارەی پیتەکان یەکسان بن بەژمارەی فۆنێمەکانی ئەو زمانە لەگەڵ ئەمەشدا، لەبەر ئەوەی نووسین بەچەند قۆناغی مێژوویی جیاجیا تێپەڕیووە ئەلف‌و بێیەکی تەواو بەدی ناکەین جگە ئەلف‌و بێی لاتینی ئەگەرچی ئەم ئەلف‌و بێ لاتینییەش پڕ بەپڕی زمانە ئەوروپییەکان نەیتوانی کاری تەواو ببینێ چونکی ئەو (24)پیتەی بۆ زمانی لاتینی دانرابوو بەشی هەموو ئەو زمانە ئەوروپاییە نوێیانەی نەدەکرد کە بەپێی مەزەندە پێویستیان بەنزیکەی 36 بۆ 40 پیت بوو وە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە، یان بەمانایەکی‌تر بۆ دابینکردنی ئەو دەنگانەی‌تر هەوڵی هەمەجۆر دراوە وەك دانانی چوکلە لەسەر یان لەژێری پیتەکاندا یان لێکدانی دوو پیت بەیەك دەنگ..هتد.

**شەشەم:**

بەپێی زانستی زمان، دەرکەوتووە، کە کۆبوونەوەی دوو پیت بۆ یەك دەنگ کارێکی گونجاو نییەو کێشە دروست دەکات.. هەروەها دووپاتکردنەوەی ئەو ڕژێمە خۆی لەخۆیدا نیشانەی هێزو قەڵەوی ناگەیەنێ.. بۆ نموونە وێنە دەنگی بزوێنی (و)و (ی) درێژو کورتەی بزوێنی (ا)و کۆنسونانتی (و)و (ی)و دیفتونگی (وێ)و کۆنسونانتی (ڕ)ی قەڵەوی لەم ڕژێمی دووپاتکردنەوەیەدا جێگەی کێشەو گرفتە.. بەڵام ئەگەر بێت‌و پەنا بۆ ڕژێمی ئەلف‌و بێی لاتینی بەرین ئەو گرفتانە تاڕادەیەکی باش چارەسەر دەکرێت..

**حەوتەم:**

لەزمانی کوردیدا هەمزە (ء) کە لەسەرەتای ووشە دەردەکەوێت یاریدەدەرێکی باشە بۆ دەربڕینی دەنگە بزوێنەکانی وەك دەنگ نەك وەك فونیم.. بەڵام لەنووسینی لاتینی‌دا بایەخ بەدەنگی هەمزە نەدراوە لەبەر ئەوەی هەمزە بەلای ئەم ڕژێمەوە (دەنگە) نەك (فونیم) وە بەمەرجیش گیراوە کە هەموو دەنگێك فونیم نییە.

**هەشتەم:**

(و=W)و (ی=Y) نیمچە بزوێن (Semi-vowel) لەگەڵ کۆنسونانت لەیەك خانەی دەستووری ڕێنووسدان.

**نۆهەم:**

هەروەها دەنگی (هەمزە)ش لەگەڵ کۆنسونانت لەیەك خانەی دەستووری ڕێنووسدا.

**دەهەم:**

وەك زانستی زمان سەلماندوێتی بزوێنی (و)ی درێژ کە لەڕێنووسدا بەدوو واویان شەدەیەکی لەسەر بێت دروست نییە.

**یازدەهەم:**

لەزاری هەورامی‌دا زۆربەی دەنگی (ز=س) دەبن بە(ذ=ث) وەك نمونەی:

سەرما=ثەرما

زارۆڵە= ذارۆڵە

**دوازدەهەم:**

هەندێ جار (س=ت) کرمانجی خواروو دەگۆڕێت بە(ص=ط)ی کرمانجی ژوورو وەك نموونەی:

سارد=صارد

تەور=طەڤر

هەر ئەم كێشانەیە وای كردووە مامۆستایانی وەك (تۆفیق وەهبی بەگو جەمال نەبەز) بەرەو جیهانی ڕێنووسی لاتینی بەرنو واز لەرژێمە ترادیشنەكە بهێنن.. مامۆستا جەمال نەبەز لەنامیلكەكەیدا بەناوی (نووسینی كوردی بەلاتینی=بەغدا=1957)، وەك توركەكان، جەختی لەسەر دابەشكردنی ووشەی بۆ بڕگە كردووە كە هەر بڕگەیەك بزوێنێكی تێدایەو بەئاشكراش دەنووسرێت بەپێی شێوەی (CV)و (CVC) ئەگەرچی ئەو بڕگانەی كە بە(د) یان (ت) كۆتایی پێ دێت وەك (كورد) یان (كوشت) دەبوایە بەم شێوەیە بنووسرایە: (Kurid)و (Kusit). كە دوو بڕگەیین نەك وەك: Kust Kurd.

هەر لەهەمان نامیلكەدا، مامۆستا (جەمال نەبەز) ئاماژەی بە(ئـ، ع)ی لاتینی بەشێوەی شاراوە لەگەڵ پیتی بزوێندا كردووە، بەڵام مامۆستا (تۆفیق وەهبی بەگ) لەكتێبەكەیدا. (خوێندەواری باو=بەغدا=1933) وا بۆی چووە كە كۆتایی بڕگە پێویستە نیشانەی كۆمای ئینگلیزی (و) وەربگرێت هەرچەندە (ئـ، ع) وەك دوو نەبزوێن مامەڵەی ڕێنووسی لەگەڵ دەكرێتو دوو دەنگی نزیكن بەیەك. لەڕێنووسی لاتینیدا (ع) دەنگێكی بەكار نەهاتووە بەپێچەوانەی (ئـ) كە پێویستی بەهەڵبژاردنی نیشانە نییە بەپێچەوانەی (ع) كە پێویستە لەلاتینی كوردیدا پیتێكی بۆ دابنرێت. لاتینی كوردی، هەروەك لاتینی توركی پشتی بەسەرجەم پیتە ئینگلیزییەكان بەستووە، بەڵام لەتوركییەكەدا تەنها (23) پیت دەستنیشان كراوەو پیتەكانی (X,W,Q) بێ بەشنو بەكارنەهاتووە، لەجیاتی ئەو پیتانە هەندێ پیتی تریان بەكارهێناوە لەگەڵ هەندێ نیشانە بۆ پیتە سەرەكییەكان وەكو:

(.، ..، 8، 7، و، = ) وە نموونەی پیتە داتاشراوەكان وەك: (Ç،Ç،Ş) لێرەدا، توركەكان، ڕەنگە سوودیان لەزمانی ئینگلیزی وەرگرتبێت لەكاتێكدا دەبینین لەئینگلیزی بۆ دروستكردنی پیتێك چەند جۆرە فۆنیۆمێك بەكارهاتووە وەك: پیتی ش=sh,ti,si,su وەك sure

یان پیتی چ=Much=ch,tu

یان پیتی ڵ=all=ll

یان پیتی وو=soon=oo

یان پیتی ف=philosophy=ph

لەبزوێنی دوو لانەدا Diphthong وەك (وێ) یان (ۆ) لەلاتینی كوردیدا پێویست ناكات بەیەك پیت بەكاربهێنرێت هەروەك مامۆستا نەبەزیش ئاماژەی پێكردووە وەك ووشەی شوێن (son) دەبێ بە(suwen).

-هەروەك ئاشكرایە، سستمی فۆنۆلۆژی بۆ هەر زمانێك جیاوازە بۆ نموونە لە كوردیدا، ووشەی (خوێندكار) لەچوار بڕگە پێك هاتووە (خ+وێن+د+كار) كە چوار بڕگەی یەكسانن بەچوار بزوێن، بەڵام لەبەر ئەوەی جوڵەكان (حركات) وەك (الفتحة، الكسرة، الضمة) لەڕێنووسی كوردی بەئەلفو بێی عەرەبی نییە دەبینین لەبڕگەی (خ)و بڕگەی (د) بزوێنەكانیان بوونی هەیە واتە هەستیان پێدەكرێت بەڵام نادیارن هەروەك چۆن لەزمانی توركیدا هەمان پیت (e) بەكاردێت بۆ فۆنێمی (ە)و (ێ)ی كوردی بەڵام لەكوردیدا هەروەك (جەمال نەبەز) ئاماژەی پێداوە نیشانەی (8) بەكار دێتو دەخرێتە سەر (e)و پیتی (ê) لێ دروست دەبێت

بۆ فۆنێمی (ێ) جارێکیتر بەبەراورد لەگەڵ زمانی تورکیدا، پیتی (u) بزوێن لەتورکیدا بۆ (ئو)ی قورس بەکاردێت بەڵام (ü) بۆ (ئو)ی سووك بەکاردێت وەك (dün) بەواتای دوێنێ (buz) بەواتای سەهۆڵ. بەڵام لەکوردیدا پیتی (u) بەکارهاتووە بۆ (ئو)ی کورت وە پیتی (ü) بۆ (ئوو)ی درێژ وەك:

نوێ= nuwe

کەپوو= kepü

لەکۆتایدا دەشێ بووترێت کە گونجاوترین شێوە رێنووس بۆ زمانی کوردی رێنووسی لاتینی بڕگەیی یەکگرتووە کە بە(!=changing factor)ەوە کانەوە ژمارەی پیتەکان دەگاتە 36پیت.

## دەنگ وپیت و چەند نموونەیەك :

| دەنگ | پیت | دەنگ | پیت |
|---|---|---|---|
| م | m | ا | a |
| ن | n | ب | b |
| ۆ | o | ج | c |
| پ | p | چ | C! |
| ق | q | د | d |
| ر | r | ە | e |
| ڕ | r! | ێ | e! |
| س | s | ف | f |
| ش | s ! | گ | g |
| ت | t | غ | g ! |
| ئو | u | ھ | h |
| ئوو | u! | ح | h ! |
| ڤ | v | ئی | i |
| وو کونسۆنانت | w | ئیی | i ! |
| خ | x | ژ | j |
| یی کۆنسۆنانت | y | ك | k |
| ز | z | ل | l |
| ع | 8 | ڵ | L ! |

نموونە :

| ژمارەی بڕگە | لاتینی | عەرەبی |
|---|---|---|
| 2 | Mi!llet | میللەت |
| 2 | Me!ju! | مێژوو |
| 1 | R!e! | ڕێ |
| 1+4 | R!e!y xuwe!ndikar | ڕێی خوێندکار |
| 3 | helumeric | هەل ومەرج |
| 2 | Mu8i!n | موعین |
| 2 | Yari! | یاری |
| 2 | were | وەرە |
| 2 | 8usman | عوسمان |
| 4 | Exuwe!nid | ئەخوێند |
| 3 | Muh!emmed | محمد |
| 2 | El!l!ah | الله |
| 2 | mirov | مرۆڤ |
| 4 | Howwil!ati! | هاووڵاتی |
| 1 | aw | ئاو |
| 2 | giya | گیا |
| 1 | Gul! | گوڵ |
| 2 | Lewe! | لەوێ |
| 3 | E!ware | ئێوارە |
| 2 | kurid | کورد |
| 3 | kurdistan | کوردستان |
| 3 | Azadi! | ئازادی |
| 3 | Yasayi! | یاسایی |
| 2 | H!azir | حازر |
| 2 | Qonag! | قۆناغ |

| | | |
|---|---|---|
| 3 | Katjime!r | کاتژمێر |
| 2 | Se8at | سەعات |
| 2 | Suwe!r | سوێر |
| 3 | Bexti!yar | بەختیار |
| 3 | R!e!zgirtin | ڕێزگرتن |
| 4 | Sile!mani! | سلێمانی |
| 2 | kurit | کورت |
| 2 | Kur!it | کوڕت |
| 2 | kirdin | کردن |

* ئەم ووشانە دوو بڕگەیین :

ئارد ، چەند ، کورد ،تورك ،قورس ، کورت، کوشت ،تیشك ،نیسك ،ترش ،بەرز ،بەرد ،نوێ ،درێژ ،سەخت ، خەست ،زمان ،مرۆڤ ،ئاست ، خەون ،مشك ،کەمپ، حەوت .

** هەندێ هەڵە کەلە ئامیلکە کەی مامۆستا ( جەمال نەبەز ) دا هاتووە :

| هەڵە | ووشە | چاککردن |
|---|---|---|
| kirimi^ | کرمێ | kirmi^ |
| zirey | زررەی | zirrey |
| Axuwe^nd | نەخوێند | axuwe^nid |
| zerdbaw | زەردباو | zeridbaw |
| rast | راست | rasit |
| Reng | رەنگ | renig |
| braye^ | برایێ | biraye^ |
| bang | بانگ | banig |
| mird | مرد | mirid |

| عەرەبی | لاتینی | ژمارەی برگە |
|---|---|---|
| موافیق | Muwa Fi!Q | 3 |
| ڕوون | R!u!n | 1 |
| ویئام | Wi!am | 2 |
| هەڵەبجە | Hel!ebce | 3 |
| چاك | C!ak | 1 |
| بەفر | befir | 2 |
| پییر | Pi!r | 1 |
| چاوەڕێ | C!awer!e! | 3 |
| بەختەوەر | bextewer | 3 |
| عەلی | 8eli! | 2 |
| مؤمن | mumin | 2 |
| پەڕتووك | Per!tu!k | 2 |
| یەك | yek | 1 |
| زوو | Zu! | 1 |
| مێشك | Me!s!ik | 2 |
| ڕۆژژمێر | R!ojjime!r | 3 |

**سەرچاوەکان:**

1.بەرهەمە زمانەوانیەکانم، د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەرگی یەکەم (کتێبو نامیلکە)، سلێمانی-2002.

2.نووسینی کوردی بەلاتینی، جەمال نەبەز، بەغدا-1957.

3.Akurdish-English Dictionary, by Taufiq Wahby And C.J.Edmonds-London-1966.